ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە

# ئۆکتۆبەر

25 ی ئازار/ مارسی 2023 — 56

## تاوانبارانی جەنگ!



موحسین کەریم

"دادگای نێودەوڵەتی بۆ دادگاییکردنی تاوانبارانی جەنگ" لە لاهای، بەهۆی ئەو تاوانانەی سوپای ڕوسیا لە ئۆکرانیا دژی مرۆڤایەتی ئەنجامی داوە، بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ ڤلادیمیر پوتین، سەرۆکی ڕوسیا، دەرکرد! بەپێی ئەم بڕیارە لەکاتی سەردانی پوتین بۆ هەر وولاتێک کە خۆی پابەند بە بڕیارەکە بزانێت، دەستگیر دەکرێت! بەدەر لەوەی کە ئەم بڕیارە قابیلی جێبەجێکردنە یان نا، بەڵام ڕاستیەک نیشان دەدات کە خودی ئەم دادگایە شتێک نیە بێجگە لە ئامرازێک بەدەستی ئەمریکاو وولاتانی ڕۆژاواوە دژی نەیارەکانیان!

گومان لەوەدا نیە کە پوتین و دەسەڵاتەکەی لەسەر تاوانەکانیان بەرامبەر بە کرێکارو زەحمەتکێشی ڕوسیاو چیچان و ئۆکرانیا و ...تاد. دەبێ دادگایی بکرێن، بەڵام بەر لە پوتین سەرکردەکانی ئەمریکاو ڕۆژاوا دەبێت لەریزی تاوانبارانی دژی مرۆڤایەتیدا لەبەرامبەر دادگای خەڵکی ئازادیخوازی جیهاندا ڕابوەستن و سزات تاوانەکانیان وەربگرن.

ئەمریکا بەسەرکردایەتی وولاتانی پەیمانی ناتۆ، ٣٢ ساڵ لەمەوبەر لەژێرناوی پاراستنی یاسا نێودەوڵەتیەکان و ئاشتی جیهانیدا، بەدوای داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە، بۆ درێژەدان بە هەژمونی خۆی بەسەر وولاتانی ناتۆ و دنیادا بەدوای ڕوخانی بلۆکی ڕۆژهەڵات، گەورەترین و درندانەترین جەنگیان لەمێژووی تازەی دوای جەنگی دوەمی جیهانی لە کەنداودا

بۆ لاپەڕە ٢

## ڕاپەڕینی جەماوەری، ڕاپەڕین بەمانای تایبەت!

مەنسور حیکمەت.........

بۆ لاپەڕە ١٠



## گفتوگۆ لەگەڵ خەسرەو سایە سەرۆکی مەکتەبی سیاسی سەبارەت بە مەنشوری ٢٠ ڕێکخراوی ئێرانی

بۆ لاپەڕە ٣



## هەڵوەرینی یەکێتی نیشتمانی!

عوسمان حاجی مارف

بۆ لاپەڕە ٦



## شوراکان ئەزمونێک و بەدیلێکی پێویست بۆ دەسەڵات!

جەمال موحسین

بۆ لاپەڕە ٧



## کرێکارانی ئێران ئەرکێکی گرنگیان لەسەر شانە !

مستەفا باهیر

بۆ لاپەڕە ٩

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# درێژەی............تاوانبارانی جەنگ!

بەرپاکرد کە دەیان هەزار سەربازی برسی لەحاڵەتی پاشەکشەداو هەزاران هاوڵاتی مەدەنی عێراقیان کۆمەڵکوژ کرد. دواتریش بەسەپاندنی گەمارۆی ئابوری بەسەر عێراقدا سەدان هەزار منداڵ و نەخۆش و خەڵکی بەتەمەنیان بەهۆی بێدەرمانی و بەدخۆراکیەوە کوشت. ئەوە سەرەڕای بۆردومانکردنی ئاسمانی ناوبەناوی شارەکانی عێراق بەتایبەتی بەغدا و کاولکردنی سەرجەم دامەزراوە ئابوری و خزمەتگوزاریەکانی وەکو هێڵ و وێستگەکانی کارەباو تاد. ، بەوەشەوە نەوەستان و ٢٠ ساڵ لەمەوبەریش، لەساڵی ٢٠٠٣ دا بەبیانوی بوونی چەکی کۆمەڵکوژ و هاوکاری رژێمی بەعس بۆ رێکخراوی تیرۆریستی قاعیدە و لەژێرناوی "پرۆسەی ئازادیی عێراق" لە دیکتاتۆریەت، شەڕی دوەمی کەنداویان بەرپاکرد، کە سەرباری کوژرانی دەیان هەزار سەرباز و هاوڵاتی مەدەنی لەکاتی جەنگەکەدا، سەدان هەزار هاوڵاتی مەدەنی دیکە لەلایەن هێزە سەربازیەکانی ئەمریکاوە بەناوی تیرۆریستەوە کوژران و زیندانیکران و سوکایەتیان پێکراو و بگرە سەربازە ئەمریکیەکان وەکو یاری پلەیستەیشن هاوڵاتی مەدەنی عێراقیان دەکوشت! تائێستاش ئاسەواری ئەو چەکانەی کە سوپای ئەمریکا بەکاریهێناون لە عێراق، لەوانەش چەکی ئەتۆمی تاکتیکی، بە هەزاران هاوڵاتی عێراقی لە منداڵ و گەنج و پیر گیرۆدەی نەخۆشی جۆراوجۆر کردوەو رۆژانە نەخۆشی شێرپەنجە دروێنەی ژیانی خەڵکی عێراق دەکات.

بەڵام "دادگای لاهای" لەبەرامبەر ئەو تاوانانەی سەرۆکەکانی رۆژاوادا زمانی لاڵ بوو، لەکاتێکدا دواتر هەرخۆدی دەزگا سەربازی و جاسوسیەکانی ئەمریکاو رۆژاوا ڕایانگەیاند کە هیچ ئاسەوارێکیان لە چەکی کۆمەڵکوژو پەیوەندی رژێمی سەدام وقاعیدە نەدۆزیوەتەوە! بەڵام ئەو هەموو قوربانیەی خەڵکی عێراق موویەکی سەر جەستەی دادوەرەکانی دادگای لاهای گرژنەکرد و ویژدانی لیبرالیان نەجولا، بەڵام ئێستا بەرامبەر بە تاوانەکانی روسیا بەرگری لە مرۆڤایەتی دەکەن! ئەمەش دوڕوویی ئەم دەزگا بەناو نێودەوڵەتیەی دادگایی تاوانبارانی جەنگ دەخاتەڕوو! نەک هەرئەوە، بەڵکو لەبیرکردنەوەی رەسمی رۆژاوادا بوش و بلێرو رامسفیڵد و کلینتۆن و... وەکو سەرکردەکانی دنیای دیموکراسی و پارێزەری یاسا نێودەوڵەتیەکان و ئاشتی جیهانی وتاد... ناویان دەبرێت و بگرە مەدالیای ئاشتی لەبەرۆکیان دەدرێت!

گومان لەوەدا نیە کە خەڵکی ئۆکرانیا قوربانی کێشمەکێشی نیوان دوو جەمسەری دڕندەی ئیمپریالیستین، کە لەسەر دابەشکردنەوەی بازاڕی سەرمایەی جیهانی لەنێوان خۆیاندا و بردنی بەشی زیاتر بۆ خۆیان، شەڕێکیان لە ئۆکرانیادا بەرپاکردوەو تائێستا سەدان هەزار کەس بوونەتە قوربانی و دەیان ملیۆن کەسیش ئاوارەو بێخانەولانە بوون و وولاتێک بەتەواوی خاپور کراوە. بەڵام ئەوەی تاوانباری ئەم جەنگەیە تەنها پوتین نیە، بەڵکو بایدن و بۆریس جۆنسن و ریشی سوناک و ماکرۆن و ... باقی سەرانی وولاتانی رۆژاوان کە بەناوی وەستانەوە بەدژی مەترسیەکانی روسیا، بە هاوکاری رژێمەکەی کێف، خەڵکی ئۆکرانیایان کردۆتە قەڵغانی جێبەجێبوونی بەرژەوەندیەکانی خۆیان و پێشگرتن بە دەرکەوتنی روسیا وەکو جەمسەرێکی سیاس- ئابوری- سەربازی دنیا لەچوارچێوەی گۆڕانکاریەکانی جیهانی سەرمایەداریدا بەرەو جیهانی فرەجەمسەری ئیمپریالیستی.

دادگای لاهای بەرامبەر بە پوتین بەرگری لە مرۆڤایەتی دەکات! بەڵام بەرامبەر بەتاوانەکانی سەرانی دەوڵەتانی رۆژاواییی قڕوقەپی هەڵبژاردوە. بەرامبەر بە زیندانیکردنی نارەوای جولیان ئەسانج، دامەزرێنەری ویکیلیکس کە تاوانەکانی ئەمریکای لە عێراق لەقاو دا، لەلایەن حکومەتی بەریتانیاوە تارادەستی ئەمریکای بکات و ئەویش بەتۆمەتی دروستکردنی مەترسی بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا سزای زیندانی هەتاهەتایی یان لەسێدارەدانی بدات، گوێی نابیستێ و چاوی نابینێ! بەرامبەر بە جەنگێک کە ئەمریکاو رۆژاوا لە ئەفغانستان لەژێرناوی جەنگ دژی تیرۆر و قاعیدەو تاڵیبان، بەرپایان کردو سەدان هەزار هاوڵاتی بێتاوانی ئەو وولاتەیان کوشتار کرد، دواتریش هەر ئەمریکا خۆی دەستی تاڵیبانی گرتەوەو دەسەڵاتی ئەفغانستانی رادەست کردەوە، وشەیەک بەزمانی دادوەرانی دادگای لاهایدا نایەت!

مرۆڤایەتی ئازادیخواز، چینی کرێکاری جیهانی، بەڕابوونی خۆیان دژی سەرتاپای سیستەمی سەرمایەداری و جەنگی ئیمپریالیستەکان، دەتوانن تاوانبارانی راستەقینەی جەنگ و دوژمنانی مرۆڤایەتی ڕاپێچی زیندانەکان بکەن و مرۆڤایەتی لە شەڕو بەڵای ئەوان رزگاربکەن.

★

**تاوانبارانی راستەقینەی جەنگ و دوژمنانی مرۆڤایەتی سەرانی دەوڵەتانی ئیمپریالیستی و بۆرژوازین!**

# گفتوگۆ لەگەڵ خەسرەو سایە
## سەرۆکی مەکتەبی سیاسی سەبارەت بە مەنشوری ٢٠ ڕێکخراوی ئێرانی

**ئۆکتۆبەر: وەکو ئاگادارن ٢٠ ڕێکخراوی مەدەنی و جەماوەری لە ئێران بەیاننامەیەکیان بڵاوکردۆتەوە کە کۆمەڵێک خواستی سیاسی و ئابوری لەخۆی گرتوە. ئەم مەنشورەبەشێکی زۆر لەلایەنە چەپو کۆمۆنیستەکانی ئێران پێشوازیان لێکردوەو وەکو دۆکیومێنتێکی گرنگ و پێشکەوتنخوازانە لەچوارچێوەی شۆڕشی خەڵکی ئێراندا تەماشا کراوە، بەڵام ئەوە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانە کەتائێستا سەبارەت بەو مەنشورە هیچ هەڵوێستێکی ڕانەگەیاندوە، هۆکاری ئەمە چیە لەکاتێکدا هەرلەسەرەتای سەرهەڵدانی نارەزایەتی وخۆپیشاندانی شارەکانی ئێرانەوە، پشتیوانی کردوەو لەخۆپیشاندانەکاندا ڕۆڵی گێراوە؟**

**خسرەو سایە؛** بەڵێ ئەوە ڕاستە کەحزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، بەتەوای توانایەوە پشتیوانی لەبزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی ئێران کردوەو هەوڵیداوە ئەم بزوتنەوەیە هێزو تونا لەهاوچینەکان و ئازادیخوازانی جیهان وەربگرێ و ئاستێکی بەرزی پشتیوانی جیهانی بۆ ڕاکێشێ، تا لەبەرامبەر بەرەی بۆرژوازی چ لەئاستی ناوخۆ وچ لەدەرەوەدا بەقامەتی خۆیەوە ڕاوەستێت. بەڵام هۆکاری ئەوەی کە هەڵوێستمان دەرنەبڕیوە لەبەر ئەوەیە کە حزبی ئێمە وەکو حزبیکی سیاسی و پشتیوانێکی بەهێزی بزوتنەوەی شۆڕشگیرانەی ئیران، ناکرێ نە بە پشتیوانی و نە بە ڕەتکردنەوە هەڵوێست لەو مەنشورە وەرگرێت، چونکە پێمان وایە ئەم مەنشورە هەڵگری هەندێک ئەشکالات و کەموکوریە کە ناکرێت بەبێ دەنگی بەسەریاندا تێپەرێن. هەڵوێستی دڵسۆزانەش ئەوەیە هەروەک چۆن پێویستە لایەنە پۆزەتیف و بەهێزەکانی پشتیوانی بکرێت، لەهەمانکاتدا دەبێ ئەشکالات و لایەنە لاوازەکانیشی نیشانبدرێت و رەخنەیان لێ بگیرێت.

لەسەرێکیترەوە بۆ ئێمەو بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری، هیچکات ئەسڵ ئەوە نیە کەمادام ژمارەیەک لەحزبو لایەن وکەسایەتی چەپ وکۆمۆنسیت، تەنانەت هەموو خەڵکیش پشتیوانیان لە مەنشورێک کردوە، ئێمەش ئیجبارین پشتیوانی لێ بکەین! بەڵکو بۆ ئێمە، خواستی ڕۆشن و واقعی، ڕیبازێکی سیاسی چینایەتی ڕۆشن کەبەهۆیەوە چینی کرێکار لەدەسەڵات نزیک بکاتەوە و ئاستی هوشیاری سۆشیالیستی و یەکگرتووبونی ئەم چینە بباتە سەرەوە وسەرنجام ڕیزی سەربەخۆی چینایەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان لەهەرجولانەوەیەکی جەماوەری و شۆڕشگێرانەدا پارێزراو ڕابگرێ وبەرجەستەی بکاتەوە، بنەمایە. بەجیا لەم قسانە ئێمە مەنشوری لانی کەمی داخوازیەکان، کە٢٠ ڕێکخراوی مەدەنی و جەماوەری لەئێران بڵاویان کردۆتەوە، سەرەڕای هەرسەرنجێک کەلەسەری هەمان بێت بەدەستکەوتێک دەزانین وشایانی ئەوەیە بۆ ئێمەو هەر کۆمۆنیستێک لەسەری ڕاوەستێ وهەڵویستی ڕۆشن ودلسۆزانەی لەسەر وەربگرێ.

**ئۆکتۆبەر: کەوایە هەڵوێستی حزب لەسەر ئەم مەنشورە چیە وچ سەرنجو ڕەخنەیەکتان لێی هەیە ؟**

**خەسرەوسایە:** سەرەتا ئەوە بڵێم کەحزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، بەتەواوی توانایەوە پشتوانی دەکات لەهەرجۆرە یەکیەتی ویەکگرتوبونێکی نێوان بەشەکانی چینی کرێکارو جەماوەری زحمەتکێش وکۆبوونەوەیان لەدەوری ئەو داخوازیانەی، کەبەدیهێنانیان هەم خەباتی جەماوەری بەرەو پێشەوە دەباو هەم هەلومەرجی کارو ژیان باشتر دەکات. لەم ڕوانگەیەوە مەنشوری لانی کەمی خواستەکانی ڕیکخراوە پیشەیی و مەدەنیەکانی ئێران، بەوجۆرەی کە بۆتە مایەی کۆبوونەوەو یەکگرتووکردنی ژمارەیەک لەنیهادو ڕیکخراوی خەباتکارانە، بەتایبەتی لەدۆخێکدا کەجولانەوەی شۆڕشگیرانە لەئێران مەسەلەی ڕیکخراوەی جەماوەری کردۆتە خاڵیکی گرنگو چارەنوس ساز، هاوکات خودی ئەوەی کەمەنشورەکە کۆمەڵیک خواستی دەستبەجێی قابیلی جێ بەجێبوون لەهاوکێشەی هێزی نێوان جولانەوەکەو ڕژێمدا هەڵگرتوە، لەوانەش ئازادی زیندانیانی سیاسی، هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان، ئازادی ژنان وئەو داخوازیانەی داکۆکی لەباشکردنی دۆخی کارو ژیان دەکات.. بەدڵنیایەوە شایانی پشتیوانی کردنە. بەلام خودی ئەوەی کەمەنشورەکە لەژێر ناوی "لانی کەمی خواستەکانی ڕێکخراوە پیشەیی ومەدەنیەکانی ئێراندا" بلاو کراوەتەوە وهاوکات پەلی کێشاوە بۆ کۆمەلە خواستو بابەتێکیتر کەلەچوارچیوەی خواستە دەستبەجێکاندا جێگایان نابێتەوە، تێکەولێکەو نارۆشنی وبگرە نادروستی لەخۆگرتوە، کەمەعلوم نیە لەکێ داوادەکاو لەکام حکومەت و سیستەمی سیاسی و ئابوریدا و لەلایەن چ ئۆرگان وهێزیکەوە و لەچ قۆناغیکی جولانەوەکەدا قابیلی جێبەجێ بوونن.. ئەمەش ناتەواویەکی جدیدیە، کەناکرێ لەژێر ناوی پشتیوانیکردندا، چاوپۆشیان لێبکرێ. ناتەواوییەک کە لەڕوی ستراتیژو تاکتیکەکانی بەسەرکەوتن گەیاندنی

بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەوە، نا بەجێیە ولەئەگەری مانەوەیاندا ئیمکانی بەشکست کێشانی بزوتنەوەکە دێنێتە پێشەوە. بەواتایەکیتر مادام کە مەنشورەکە، واوەتر لەداخوازیە ئانیەکان دەڕواو هەندێک خواست و بابەتی تر دێنێتە پێشەوە کەپەیوەستە بەقۆناغی دوای ڕوخانی ڕژێمەوە وهەندێکی تریشیان لەگرەوی شۆڕشی کرێکاریدایە وهەمو ئەمانەش لەڕژێمی ئیسلامی ئێران داوا دەکرێت. ئیدی بۆ ڕەوتێکی وەک ئێمە ناتوانری هەڵوێستگرتن بەتەنها لەچوارچێوەی پشتیوانی لەمنشورێکی ئاوادا قەتیش بێت، بەڵکو دەبێ دڵسوۆزانە لایەنە لاوازەکانی دەستنیشان بکرێت ولەو تێکەو لێکەو ناڕۆشنیانە دەر بکێشرێت.

بێگومان تەشخیسدانی تەوازنی هێزو درک کردنی قابیلیەتە چینایەتیەکانی هەربزوتنەوەیەکی شۆڕشگێرانە وخستنەروی کۆمەلێک داخوازی فەوری لەکەنار کۆمەلە داخوازی و مەسائیلێکەوە کەهەم جوڵانەوەکە لەتوانایدا نەبێ و هەم لەدوتوێی مانەوەی ڕژێمدا داوابکرێ، جگەلەوەی کە تێکەولێکە وناڕۆشنیەکی ئاشکرایە، هاوکات نوێنەرەوەی ڕێبازێکی سیاسی تاکتیکیە کەبزوتنەوەی مەوجود دەخاتە بەردەم مەترسی یاری پێکردنەوە. وەک بەڵگەیەکیش بۆ ئەم قسانە، سەرنج لەسەر چەند خاڵیکی سەرەکی بەپێویست دەزانم کەلەمەنشورەکەدا هاتوە:

١/ کاتێک کەمەنشورەکە داوای "ڕزگاری هەموو خەڵک لەهەموو جۆرەکانی جیاکاری وچەوسانەوە ودیکتاتۆری ئیسلامی" دەکات، وەیا ئەوەی کە " کۆمەلگایەکی نوێ ومۆدێرن وئینسانی" وەک داواو ئالتەرناتیڤێک مەترەحدەکات، لەکاتێکدا کەڕژێمی ئیسلامی لەسەرکارە، تێکەڵاوکردنێکی نادروستە لەنیوان لیستی داخوازیە فەوریەکان وپلاتفۆڕمی ڕوخاندنی ڕژێم وخودی شۆڕشێکی کۆمەلایەتیدا کەنیزامی سەرمایەداری دەکاتە ئامانج.

٢/ لەبەندێکیتردا مەنشورەکە خواستی " هەڵپێچانی دەزگا سەرکوتگەریەکانی ڕژێم وسنوردارکردنی ئیختیاراتەکانی دەوڵەت ودەخالەتی ڕاستەوخۆ وهەمیشەیی خەڵک لەڕیگای شورا مەحەلی وسەراسەریەکانەوە.." بەوجۆرەی لەبەندی ٨دا هاتووە وخراوەتە پاڵ ڕیزێک لە خواستە فەوریەکانەوە ولەڕژێم داوادەکرێ، ئەمە جگەلەوەی کە واقعی نیە، هەڵەیەکی جدیە وئامانجی بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی ئیستا لەپرۆسەی ڕاپەڕین وڕوخانی ڕژێمدا، تێکەل بەداخوازیە فەوریەکان دەکات. کارێکی ئاواش بەمانای نەبینینی تەوازنی هێزو ناڕۆشنیە لەبردنەپێشەوەی هەنگاوەکانی بەرەوپێشبردنی بزوتنەوەکەدا.

٣/ بەندی ٩ی مەنشورەکە داوادەکات:

"دەستبەسەرداگرتنی موڵک وماڵی هەموو کەسانی ئاسایی و یاسایی و دامەزراوە حکومی، نیمچە حکومی و تاییەتەکان کە بە تالانی ڕاستەوخۆ یان ڕانتی حکومەت موڵک و سامانی کۆمەڵایەتی گەلی ئێرانیان بە بارمتە گرتووە". لەمەشدا دیسانەوە ناڕۆشنی وتێکەڵ کردنی ئەو ئەرکانەیە کەلە قۆناغە جیاجیاکانی چونە پێشەوەی خەباتی چینایەتی و شورشگێرانەدا دێنە پێشەوە. ناڕۆشنی لەوەدایە کەدەستبەسەرداگرتنی "ئەموالی کەسان ونیهادە دەڵەتی ونیمچەدەولەتی وتایبەتەکان"، کەسامانیان بەتالانبردوە، کراوەتە نیشانە، نەک خاوەنانی سەرمایەو کارگاو کۆمپانیاکانی بازرگانی، ئایا ئەمانە ناچنە خانەی ئەوانەوە کەسامانی کۆمەلگا بەتالان دەبەن، کەلەبنەڕەتەوە لەسەر چەوسانەوەی هیزی کاری کرێکاران سامانیان کۆکردۆتەوە؟ پاشان ئەگەر "دەستبەسەرداگرتنی ئەموالی کەسان ونیهادە دەوڵەتیەکان.." خواستێکی لانی کەم بێت، ئایا لەقۆناغی ئێستادا کەڕژێم لەسەرکارە، واقعی و مومکینە؟ کەوایە ئەم خواستی لانی کەمە لەچ قۆناغیک ولەبەرامبەر چ حکومەتێکدا مەترەحەو کێ بەکردەوە دەریدەهێنێت، حکومەتی داهاتوو یان شوراکانی جەماوەر؟. ئەمە لەکاتێکدایە کەبەلای ئێمە کۆمۆنیستەکانەوە، مەسەلەکە دەستبەسەردا گرتنی "موڵکو ماڵی تاکەکان" نییە، بەڵکو هەڵوەشانەوەی کاری بەکرێ ودەستبەسەرداگرتنی ئامڕازەکانی بەبەرهەمهێنان وگواستنەوەیە وسپاردنیەتی بەحکومەتی شوراکان. بیگومان ئەم کارەش تەنها بەڕوخاندنی سیستەمی سەرمایەداری و لەجیگەیدا دانانی نیزامێکی سۆسیالیستیە، کەلەبنەوە بەتاڵان بردنی ڕەنجی ئینسانی لەلایەن ئینسانێکی ترەوە هەڵوەشاندبیتەوە.

٤/ لەبەندی ١٢دا خواستی" ئاسایی کردنەوەی پەیوەندیە دەرەکیەکان وقەدەغەی دەستڕاگەیشتن بەچەکی ئەتۆمی وئاشتی جیهانی" لەپاڵ خواستە فەوریەکاندا ڕیزکراوە، کەنەک هەر ناواقعیە ولەگەڵ یەکدا نایەتەوە، بگرە لەدونیای چەند قوتبی ئێستادا، خۆبەخۆ هاوسایی لەگەڵ سیاسەتی ئیمپریالیستیەکاندا پێکدێنێ و دەچێتەخانەی خواستێکەوە کەئەمریکاو غەرب لەجەرگەی کێشمەکێشە جیهانیەکاندا لەجمهوری ئیسلامی داوای دەکەن. ئایا خواستی قەدەغە کردنی چەکی ئەتۆمی تائاشتی جیهانی زامن بکرێ، بەتەنها لەجمهوری ئیسلامی داوادەکرێ؟ ئەو هێزو لایەنە کێیە کەئەم داوایەی هەیە؟ ئایا لەدونیای ئەمڕۆدا کەدەولەتانی سەرمایەداری پڕچەکن، تەنها بەقەدەغەی چەکی ئەتۆمی لەجمهوری ئیسلامی ئاشت جیهانی بەدەست دێت؟ ئەگەر مەبەستەکە "ئاشتی جیهانیە"، ئایا بەداوای "قەدەغەی دەستراگەیشتنی ئێران بەچەکی ئەتۆمی بەدەستدێت؟ لەکاتێکدا چەندین ولاتی تر، لەوانە ئەمریکاو دەولەتانی

ئەوروپا وئەمریکا.. تا سەر نینۆکیان بەچەکی ئەتۆمی چەکدارکراوە. تەنانەت ئەگەر مەسەلەکە ئاشتی جیهانیە ئەوا دەبێ خواستی لەناوبردنی چەکی ئەتۆمی لەجیهاندا داوابکرێ، نەک "قەدەغەی دەستراگەیشتنی ئێران" بەچەکی ئەتۆمی. کاریکی ئاواش بەتەنها خواستی خەڵکی ئێران و ئەرکی بزوتنەوەیەکی شۆڕش گێرانە نیە، بەلکو کاری بزوتنەوەی جیهانی چینی کرێکارو خەڵکی ئازادیخوازە. ئەم نارۆشنی و تێکەو لێکەیەی کەمەنشورەکە هەڵگریەتی جیگای هەڵوێستەی جدیە، بەتیابەتیش کاتێک کە بە هەمان شێوەی ئەمریکا و غەرب هەڵوێستی لە مەسەلەی چەکی ئەتۆمی وەرگرتوە، کە هەرگیز ناتوانێ هەڵوێستی بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێرانە و چەپڕەوانەی وەکو بزوتنەوەی نارەزایەتی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کرێکارو وزەحمەتکێشی ئێران بێت. ئەمە ئیتر هەلەیەکی بچوک نیە وڕێبازێکی لە بنەرەتەوە خەتەرناک و بە تەواوی ناکۆکە لەگەل ئەو بزوتنەوەیەی کە پێی دەلیین ژنانە و چەپە.

...٥/

لەکۆتاییدا جارێکیتر ئەوە دوبارەدەکەمەوە کەحزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان هەروەک ئەوەی لەسەرەتایی خرۆشانی کرێکارانو ژنان و لاوانو خەڵکی زەحمەتکێشی شارەکانی ئێرانەوە، پشتیوانی لەم جولانەوەیە کردووە وبەوپەڕی تواناوە لەکەناریدا ڕاوەستاوە، هەرواش پشتیوانی دەکات لەداخوازیە واقعیەکانی ئەم بزتنەوەیەو هەرهەوڵێک کەبۆ یەکگرتووکردنی جەماوەردەدرێت. لەمڕوانگەیەشەوە "مەنشوری داخوازی لانی کەمی ٢٠ ڕێکخرواى پێشەییو جەماوەری" بەقەد ئەوەی ئەم هەقیقەتەی لەخۆیدا بەیانکردبێت جێگای پشتیوانیە، بەلاّم بۆ حزبی ئێمە بابەتەکە لەپشتیوانیکردن واوەترە و ڕەخنەی دلسۆزانە لەو نارۆشنی و تێکەولێکەیەی کەمەنشورە کەهەڵگریەتی، خاڵێکی سەرەکیە لەڕاستای زاڵ بون بەسەر کەموکوڕی وناتەواویەکانی بزوتنەوەیەک کەناوەڕۆکێکی ڕادیکاڵ وئازادیخوازانەی هەیە. هەرلێرەش داوا لە هەڵسوڕاوانی کرێکاریی وکۆمۆنسیتی دەکەم کە بەهوشیاریەوە لەسەر ئەم مەسەلەیە راوەستان و بۆ پاراستی ڕیزی سەربەخۆی چینایەتی بزوتنەوەکەو ڕۆشنی لەداخوازی و ئامانجەکانیدا دەستبەکار بن.

☆

**هەڵبژاردن دەست بۆ پایەی سیستەمی سیاسی و چینایەتی نابات، بەڵکو لە مەترسی شۆڕش دەیپارێزیت!.. بژاردەی چینی کریکار و جەماوەری بێبەشی کوردستان، بەشداریکردن لەگاڵتەجاری هەڵبژاردنی حزبە مافیایی و دزەکاندا نییە، بەڵکو راماڵین و سپاردنی تۆمەتبارانیانە بەدادگای عادلانەی جەماوەری!**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان وەکو حزبی چینی کرێکار، خەبات دەکات بۆ ڕێکخستن و ڕابەریکردنی شۆڕشی سۆشیالیستی لە پێناو هەڵپێچانی سیستەمی سەرمایەداری و کاری بەکرێ و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستی خاڵی لە ستەم و چەوسانەوە و نایەکسانی.**

**شۆڕشی سۆشیالیستی تەنها لەڕێگای هاتنەمەیدانی چینی کرێکار و جەماوەری ستەمکێش، لە ڕیزێکی ڕێکخراو لە دەوری ئاسۆی سۆشیالیستی و بە ڕابەریی حزبی کۆمۆنیستی چینی کرێکاردا مەیسەردەبێت؛ بەم پێیەش پێشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە لەهەر هانگاوێکدا ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە پەرەسەندنی بزووتنەوەی سۆشیالیستی و تەحەزوبی کۆمۆنیستی ئەم چینەوە. مەرجێکی سەرەکی پێشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە لە کوردستاندا، دابڕان و سنووربەندی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێشە لە ئاسۆ و ئامانج و سیاسەتی بزووتنەوە و ئەحزابی بۆرژوازی. بەتایبەتیش، بەهێزبوونی کۆمۆنیزم لەبەرامبەر ناسیۆنالیزمی کورد لە ئاستێکی کۆمەڵایەتی بەرفراواندا، مەرجێکی سەرەکی پێشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم شۆڕشەیە لە کوردستاندا. هەروەها شۆڕشی کرێکاری لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، بەپێی بارودۆخ و گرفتەکانی ئەو کۆمەڵگەیە، لە پرۆسێسێکی جیاواز و لە هەناوی وەڵامدانەوە بەو گیروگرفتانەدا دەڕواتە پێشەوە.**

**لە بەڵگەنامەی "مانیفێستی حزب بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە"**

**پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەمی حزبی کۆمۆنستی کرێکاری کوردستان/ تشرینی دووەمی ٢٠٢١**

# هەڵوەرینی یەکێتی نیشتمانی!

## عوسمان حاجی مارف

دەنگۆی ئەوە هەیە کە گوایە دامەزراندنی "کۆمەڵەی مارکسی لینینی" واتە ئەوەی کە دواتر بوو بە "کۆمەڵەی رەنجدەران"، پرۆژەیەکی تایبەت بە شەخسی جەلال تالەبانی بووە! لەهەمانکاتدا گەر واش نەبێت، لەگێڕانەوەی ئەو مێژووەدا ئەوە شاراوەنیە کە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە بەئاگاداری و پرسوڕای جەلال تالەبانی کۆمەڵەیان دامەزراندووە.

بەدوای هەرەسی هێزەکانی بارزانی لە ساڵی ١٩٧٥دا، کە لێدانی گورزێکی قورس بوو بەسەر بزوتنەوەی کوردایەتیدا، تەشەنەکردنی پرۆژەی کۆمەڵە لەو دەورانەدا شێوازو چوارچێوەیەکی گونجاو بوو، تا تالەبانی و بزوتنەوەی کوردایەتی بەناوی مارکسی لینینی و "شۆرشی نوێ"وە، هێزێکی تری چەکداری بکێشنە ناو مەیدانی سیاسی دژی رژێمی بەعس بۆ هەڵسانەوەی بزوتنەوەی کوردایەتی.

دواتر هەر بەدووری خودی تالەبانی "یەکێتی نیشتمانی کوردستان" ئەو چوارچێوەوە رێکخراوە بوو، بە پێکەوەگرێدانی کۆمەڵەو حزبی سۆشیالست و خەتی گشتی دامەزرێندرا، کە شەخسی یەکەم و رابەریکردن و بریاردەری سیاسەتەکانی یەکێتی لە جەلال تالەبانی زیاتر تێپەری نەدەکرد. بۆیە ئەوە شاراوە نیە کە کۆمەڵە توایەوەو حزبی سۆشیالستیش جیابووەوە، بەلام پێگەی یەکێتی وەک حزبێک و بنەماڵەیەک لەمەیدانی سیاسیدا تائیستا، هەڵسوڕانی رێکخراوەیی و سیاسی خۆی دەکات.

کاتێ جەلال تالەبانی لە سەرەتای ساڵانی شەستی سەدەی بیست، وەک جەلالی کەوتە بەرامبەر بەرزانیەوە، ئیتر کۆتایی یەکریزی بۆرجوازی کورد و کوردایەتی لە مێژوی بزوتنەوەی کوردایەتیدا بۆ هەمیشە تۆمارکرا. وەک دوو هێزی جیاواز و بەرامبەر بەیەک و بەرژەوەندی جیاواز، ململانێیان بۆ بەشداریان لەدەسەڵاتی حکومەتی سەرمایەداری عێراقداو خۆ هەڵواسینیان بەسەر مەسەلەی کورد لە عێراقدا، ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستانیان تەواو هەراسان و وێرانکرد.

هەرچەندە "شۆرشی نوێ" کەی تالەبانی بەناوی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەدوای ئەو داڕوخانە گەورەیەی بارزانی، وەک ئەلتەرنەتیفێک بۆ گەرانەوەی دەوری بۆرجوازی کورد لەمەیدانی سیاسی کوردستانی عێراقدا هاتەمەیدانەوە، بەلام پارتی دیموکراتی کوردستان و بارزانیەکان وەک باڵێکی پێشینەی نوێنەری بورجوای کورد بەئاستێکی تر لە هاوسەنگی هێز، هەڵسانەوەی خۆیان سەلماندەوە. توانیان لەبەرامبەر یەکێتی نیشتمانیدا بوەستنەوەو کارەساتی هەکاری بەسەر یەکێتیدا بهێنن.

هەربۆیە خەونی تالەبانی و ئومێدی بە "شۆرشە نوێ"کەی گۆڕدرا بەسەرقاڵبون بە شەڕی ناوخۆو بەردەوامیدانی وەستانەوە لەبەرامبەر بارزانیەکاندا، لە پێناو باڵادەستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەسەرمەیدانی سیاسی کوردستاندا، کە هەرگیز نەگەشتە ئەو ئامانجە.

ئەم دوو هێزە بەهەر ئاستێک لەشەڕی چەکداریان لەبەرامبەر دەسەڵات و لە نێوان خۆیاندا، دواتر جارێکی تر لەساڵی ١٩٨٨دا کەوتنەوە بەر پاشەکشەو نزیکبونەوە لە هەرەسێکی تر.

بەلام ئەو ئاڵوگۆرە جیهانیەی لەئاکامی شەڕی کەنداوی ساڵی ١٩٩١دا هەلومەرجی سیاسی عێراق و کوردستان و ناوچەکەی بەرەو ناجێگیر برد، فرسەتێکی گونجاوی بۆ باڵەکانی بۆرجوازی کورد بەتایبەتی بزوتنەوەی ناسیۆنالستی خولقاند، تا لەبری پاشەکشەو هەرەسهێنانێکی تر، گیانیان بەخۆیاندا هێنایەوەو بوونە بەشێکی سودمەند لەو ئاڵۆزی و گێژاوە سیاسیەی کە سی دەیە زیاترە ناوچەکەی خنکاندووە.

گەر بەگشتی ئەوە رۆشن بێت، کە باڵەکانی بۆرجوازی کورد، وەک هێزی جیاواز لەئاکامی لاوازی و پەرشوبڵاوی پێگەی بزوتنەوەی کوردایەتیدا، هیچ کات نەیان توانیبێت سەربەخۆیی سیاسی خۆیان بپارێزن، لەهەمانکاتدا ناچار بوون بە پاشکۆبونیان بۆ بەرژەوەندی سیاسەتی وولاتانی تر بوونی خۆیان بسەلمێنن، تا بتوانن پێگەیەکی دیاریکراو بەدەست بهێنن. لەم واقعیەتەدا بەگشتی پلانەکانی پارتی و بارزانیەکان بەرجەستەترو سەرکەوتوتر بوە لە پلانەکانی یەکێتی و دەستکەوتیان زیاتر بووە. بەمانایەک ئاسۆی پرۆژەکانی تالەبانی لەبەرامبەر بارزانیەکاندا، هەرچەندە باڵادەستی خۆی لەزۆنی سەوزدا سەلماندوە، بەلام ئەوەی جێگای سەرنجە یەکێتی نەیتوانیوە ئاستی هاوسەنگیەکی گونجاوتر لەبەرامبەر پارتی و بارزانیدا بپارێزێت، بۆیە بەهەر ئاستێک لە هەولی ململانێ و دانوسان و رێکەوتنی نێوانیان، یەکێتی خەسڵەتێکی ئۆپۆزسیۆنی لەبەرامبەر پارتیدا نیشانداوە، هەڵبەتە خەسڵەتی ئۆپۆزسیۆنیش یەکێتی خستوتە بەردەم پێگەیەکی لاوازو چاوەڕوانیەوە.

ئەم واقعیەتی ئۆپۆزسیۆن بونەی یەکێتی لەبەرامبەر پارتیدا، سەرچاوەی شکستی پلانە سیاسیەکانی یەکێتی بووە، لەهەمانکاتدا سەرچاوەی کەرتبون و پەرشوبڵاوی هێزەکانی بووە. یەکێتی نەیتوانیوە یەکدەستی و یەکریزی هێزەکانی بپارێزێت. جیابونەوەی نەوشیروان و گۆران لە تالەبانی گەورەترین گورزێکی گەورە بوو بەسەر ستراتیژیەک، کە تالەبانی لەگەڵ بارزانیدا واژۆیان کردبوو، چونکە رێکەوتنی ستراتیژی ساڵی ٢٠٠٨ی تالەبانی لەگەڵ بارازنیدا پاشەکشە بوو لەو ستراتیژەی کە تالەبانی هەر لەسەرەتاوە، بەدامەزراندنی یەکێتی و رێکخستنی

هێزەکەی، خۆی لەبەرامبەر بارزانیدا پێناسە دەکرد، بۆیە بەشێکی زۆری هێزەکەی لە تاڵەبانی توران.

بەمانایەک لەلایەک ڕێکەوتنی ستراتیژی یەکێتی و پارتی بە قازانجی پتەوکردنی پێگەی پارتی بوو، کە هاوسەنگی هێزەکەی تاڵەبانی خستە ژێر پرسیاری خۆرادەستکرنی زیاتر بە بارزانی، لەلایەکی ترەوە لێکجیابوونەوەی نەوشیروان و گۆڕانی لێکەوەتەوە، واتە گرفتێکی گەورە لە دەسەڵاتی زۆنی سەوزدا سەری دەرهێنا، کە لەهەر هەنگاوێکی تری دوای ڕێکەوتنی ستراتیژی، سەرکردایەتی یەکێتی و ڕێکخستنەکانی و هێزەکەی لێکترازان و پارچەپارچە بوونی خۆی نیشاندایەن، چارەنوسی شکست و هەڵوەرینی بزوتنەوەی گۆڕانیش دیاردەیەکی تەواو بەرچاوە، چونکە گۆڕان بەدوای سیناریۆی دژی پارتیدا، ڕێکەوتنی لەگەڵ پارتی ئەنجامدا.

هەوڵدان بۆ گەڕانەوەی پێکەوەنوسانی پارچەو باڵەکانی یەکێتی، گاڵتەجاری ئەو کۆنگرەیە بوو کە سەرکردایەتی یەکێتی ڕادەستی دوو هاوسەرۆک کرا، ڕادەستی بافڵ و لاهور کرا!! لەهەمانکاتدا بێئیعتبارکردنی تەواوی سەرکردایەتی پێشوی یەکێتی لێکەوتەوە. ئەمەش ئەو هەنگاوە بوو کە هەڵوەرینی یەکێتی نیشتمانی دەورەیەکی تازەی خستە پێش خۆی. ئەو یەکێتییەی دەیویست وەک هێزێکی بۆرجوا ناسیۆنالیستی میلیشیایی لەبەرامبەر بارزانی و پارتیدا بجەنگێ، پرۆژەکەی نەک بە بنبەست گەیشت، بەڵکو لەبەردەم ناچاری ملکەچبونی بارزانیدا قەراریان گرتووە.

ئەم واقعیەتە مایەی هەڵوەرینی زیاتری یەکێتی نیشتمانی دەبێت لەم هەلومەرجەی ئێستادا، واتە نە یەککرتنەوەی پارچەو باڵەکانی بە فریایان دەکەوێت، نە ملشکاندنی یەکتر. یەکێتی نیشتمانی و باڵەکانی بە بافل و لاهورەوە، ئەو دەورەیان تێپەڕاند کە بتوانن ڕەقیبی پارتی بن. لەهەمان کاتدا هەر ڕێکەوتنێکیش لەگەڵ پارتیدا ئەنجام بدەن، چەند هەنگاوێکی تر پاشەکشەیان پێدەکات و هێزەکەشیان هەڵوەرینی زیاتر بەخۆیەوە دەبینێت. یەکێتی نیشتمانی لەدەورانێکی تەواو بنبەست و بێئعتباری پێگەی هێزەکەیدا گەمەی سیاسی دەکات، بۆیە چاوەڕوانی ئالوگۆرێکە بەڵکو فرسەتی گەڕانەوەی پێگەو ئیعتبار بەدەست بهێنێتەوە. ئەم چاوەڕوانیەش ئاسۆکەی نادیارو بنبەستە، بۆ هەر یەک لە باڵەکانیشی ڕۆشن نیە دەبێت چی بکەن، هەربۆیە شەرمەزاریە بۆ هێزێک کە نەیتوانیوە ناتوانێ یەکریزی خۆی بپارێزێ، کەچی دروشمی یەکریزی کورد بەچارەسەری کێشەکان بەیان دەکات.

ئەوە ماوە بڵێین کۆتایهێنان بەم سەرگەردانیەی کە حزبەکانی کوردایەتی بەسەر دانیشتوانی کوردستاندا سەپاندویانە، تەنها هاتنەمەیدانی خەبات و ناڕەزایەتی بەرفراوانی جەماوەریە بۆ دابینکردنی دەورو دەخالەتی ڕاستەوخۆی خەڵک لە دەسەڵاتی سیاسیدا.

★

# شوراکان ئەزمونێک و بەدیلێکی پێویست بۆ دەسەڵات!

جەمال موحسین

ئەم چەند ڕۆژە یادی ”ڕاپەڕین“ و ڕۆژانێکە کە دەزگاکانی بەعس لە شارەکانی کوردستان وەدەرنران. هاوکات یادی سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکە کە بۆ یەکەمجار پێی خستە گۆرەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردستانەوە، کە ئەویش بزووتنەوەی شوراییە. لە هەلومەرجێکدا کە لە عێراق و کوردستاندا هاتەپێشەوە و دەسەڵاتی بەعس لەسەر ژیانی خەڵک شل بوو، دەرفەتێک هاتەپێشەوە کە کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش، کۆمۆنیستەکان و کەسانی سۆشیالیست لەنێو جەرگەی ئەو دۆخەدا شێوازێکی تری بەڕێوەبردن، لە دەسەڵات، لە ئیرادەنواندنی خەڵکی بێبەش پیادە بکەن. بزووتنەوەیەک کە هەر لە ساتەکانی یەکەمی خۆدەرخستنیەوە کەوتە بەرانبەرکێ لەگەڵ دەسەڵاتی ئەحزابەکانی بۆرژوا_کوردایەتی. ئەمەی دواییش هەر زوو کەوتە دژایەتی شوراکان, چونکە ئەیزانی سەر بە بزووتنەوەی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشە و دەسەڵاتی ئەوانی ڕەتکردۆتەوە و سەر ئەنێ بە جۆرێکی تر لە دەسەڵاتەوە.

ئێستا دوای ٣٢ ساڵ لە ئەزمونی کارەساتباری کرێکاران و زەحمەتکێشان بەدەست ئەم دەسەڵاتەوە و دوای ئەوەی کە بەداخەوە بەنرخێکی زۆر گران و گیان لە دەستدانی هەزارەها کەس لەژێر سایەی ئەم دەسەڵاتە و ویرانکردنی کۆمەڵگە و برسی و هەژارکردنی خەڵک و هەڵتەکاندنی بنەماکانی کۆمەڵگە لە خزمەتگوزاری تەندروستی و خوێندن و جادەوبان و گواستنەوە و پێداویستی ژیانی هاوچەرخ، ناوەڕۆکی دژە خەڵکی و پوچیی ”دەسەڵاتی خۆماڵی“ بۆتە ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگر. نەک هەر ئەوە، بگرە دەسەڵات خۆی بووە بەبارێکی قورس بەسەر کۆمەڵگە و ژیانی خەڵکەوە. ئێستا کە بە هەر نرخێک خەڵک خۆی لەژێر باری خۆشباوەڕی بە دەسەڵات و هاوبەشە ئیسلامی و ناسیۆنالیستیەکانیانەوە دەرباز کردووە و هیچ باوەڕێکی بە بەڵێنە فریوکارانەکانیان نەماوە، ناڕەزایەتی جەماوەر لەدژی ئەم سیستەمە هەرجارە و بەجۆرێک و لە شوێنێک سەرهەڵئەدات. بەڵام هێشتا یاری پەلکێشکردنی خەڵک بۆ سندوقەکانی دەنگدان چ لەلایەن حزبەکانی دەسەڵاتەوە و چ لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە وەک ڕێگەچارەی ئەم دۆخە قەیراناوی و چەقبەستووە لەئارادایە. ئەگەرچی

خەڵک گەیشتووە بەو ڕاستیەی کە نە گۆڕینی دەموچاوەکان و نە دەنگهێنانی ئەحزابێکی تر لە بەناو هەڵبژاردنەکاندا هیچ لە مەسەلەی ژیانی خەڵک و کەمکردنەوەی نەهامەتیەکانیان ناگۆڕێ. ئەوە بووە بە ئەنجامێک بۆ خەڵک کە بەدەستهێنانی ماف و داخوازیەکانیان بەندە بە ڕۆیشتنی ئەم دەسەڵاتەوە. ئەمەش تەنها و تەنها بە هاتنەمەیدانی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بۆ وەلانانی دەسەڵاتی بۆژروازی کورد و دامەزراندنی دەسەڵاتێکی تری بنیاتنراو لەسەر دەورودەخاڵەتی ڕاستەوخۆی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش ئیمکانی هەیە.

ئەوەی کە ئەم بزووتنەوەیە چۆن و لە کوێ دەست پێئەکات و لە چ زۆنێک و لە چ شارێک یان شارۆچکەیەکی زۆنێکەوە ئەم دەسەڵاتە ڕائەماڵێ، پەیوەستە بە هێز و توانای ڕێکخراوی جەماوەری و هێزهاوسەنگیەک کە لەو شوێنە بە دەستی ئەهێنێ. بێگومان هەر شوێنێکیش لە دەسەڵات پاک کرایەوە، پێویستە دەستبەجێ ئۆرگانەکانی دەسەڵاتی جەماوەری دابمەزرێ و لە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ئەو شوێنەدا بێت و هاوکاتیش توانای بەرگری لەخۆکردن پەیدا بکات. جەماوەرێک کە خۆی لە شوراکان، ڕێکخراوە جەماوەریەکان، دەستەکان و ئەنجومەن و کۆڕوکۆمەڵەکاندا ڕێکخستبێ، توانای ئەوەی ئەبێ کە لەو شوێنەی بۆشایی دەسەڵات دروست ئەبێ، دەستبەجێ دەسەڵاتی خۆی دابمەزرێنێ. بەجۆرێک دەسەڵاتی دوو لایەنەیی بکاتە ئەمری واقع و بیسەپێنێ، تاکو ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیە پێ بە پێ سەراسەریتر ئەبێتەوە و دەسەڵات بە تەواوی ڕائەماڵێ و ئەو شێوازە لە دەسەڵاتی جەماوەری دائەمەزرێنێ کە سەرئەنجام ئەگات بە ''کۆنگرەی سەراسەری نوێنەری شورا و ڕێکخراوە جەماوەریەکان'' وەک شێوە و فۆڕمی نوێی دەسەڵات لە کوردستاندا. دیارە ئەمە جۆرێ لە دەسەڵات ئەبێت، کە بە تەواوەتی و ڕاستەوخۆ پشت بەستووە بە دەخاڵەت و ئیرادەی سەربەخۆی جەماوەری پێکهاتوو لە کرێکاران و خەڵکی بێبەش و توێژەکانی تری کۆمەڵگە.

لێرەدایە کە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ئەزمونی شوراکانی ساڵی ١٩٩١، ئەو شورایانەی کە بۆنیان کردبوو بە دەسەڵاتداریێتیەوە و بەو ناونیشانە دەخەڵاتیان لە کۆمەڵگەدا ئەکرد. خەڵکی مەحروم ئەتوانن کەڵک لەو ئەزمونە وەربگرن و خاڵە لاواز و کەموکورتیەکانی تێپەڕێنن. پاشانیش بەڕاستی ئەزمونی ڕێکخراوە جەماوەریەکانی کرێکاران و بێکاران و ژنان و مامۆستایان و لاوان بەشێکی گرنگن لە درێژەی بزووتنەوەی شوراییدا. ئەو ڕێکخراوانەی لەڕیزی پێشەوەی جەماوەری کرێکار و بێبەشدا ڕاوەستابوون و لەلایەک پێداگرییان لە مافی ژیانێکی تێروتەسەل و ئازاد و یەکسان ئەکرد و خەباتیان بۆ ئەکرد و لەلایەکیشەوە پشت بەستو بە نەریتی کاری شورایی و شوراکانی ١٩٩١ لە هەوڵی شێوازی دەستبردن بۆ دەسەڵاتی شوراییدا بوون. هەر لە ئێستاشدا ئەتوانرێ ڕێکخراوە جەماوەریەکان و هەر شێوازێکی تری خۆڕێکخستن لەناو جەماوەردا دەستی بۆ ببرێتەوە و ببنە داینەمۆی خەباتێکی لێکهەڵپێکراو و یەکگرتووانە لە ڕاستای بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەدا بۆ یەکلاییکردنەوەی مەسەلەی دەسەڵاتی ئەحزابەکانی کوردایەتی و تەزمینکردنی دەسەڵاتی شورایی.

سەبارەت بەوەی کە دەسەڵاتی کۆنگرەی سەراسەری نوێنەری شورا و ڕێکخراوە جەماوەریەکان چۆن ئەبێ و چ جۆرێک لە سیستمی بەڕێوەبردن پیادەئەکات و چی بۆ کۆمەڵگەی کوردستان ئەنجام ئەدات، حزبی ئێمە لە کۆنگرەی ٥ ی خۆیدا (کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٢١)، بەڵگەنامەیەکی پەسەند کرد بە ناوی (کۆنگرەی سەراسەری نوێنەری شوراکانی خەڵک، بەدیلی دەسەڵاتی میلیشیایی ئێستایە). لەو بەڵگەنامەیەدا شێوازی بەڕێوەبردنی دەسەڵات و کۆنترۆڵکردنی داهاتی کۆمەڵگە و سەروەت و سامانی بەرپرسانی ئێستا کە بەزەبری چەک لە خەڵکیان دزیوە، دادگایی کردنی سەرانی دەسەڵات کە دەستیان لە تاڵان و بڕۆیی و جەردەیی و عەزێتدانی خەڵک و تیرۆر و ئەشکەنجەدایە، هەڵوەشانەوەی دامودەزگاکانی ئەوان وەک پەرلەمان و حکومەت و سیستمی دادوەری و جێگرتنەوەیان بە دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی خەڵک و دادگای جەماوەری و هێزی چەکداری ڕێکخراو لە شوراکانی خەڵکدا، دابینکردنی ئازادی بێقەیدوبەندی سیاسی و یەکسانی هەمەلایەنە لەنێوان ژن و پیاودا و... چەندین بەندی تری تێدا هاتووە وەک بنەما سەرەتاییەکانی دەسەڵاتداریێتی شورایی جەماوەر. خوێنەرانی ئەم وتارە ئەتوانن ئەو بەڵگەنامەیە لە ماڵپەڕی حزبدا بە دەست بهێنن. ئەجێندای ناو ئەو بەڵگەنامەیە بانگەوازە بۆ کۆمۆنیستەکان و کەسانی سۆشیالیست و هەڵسوڕاوان و ڕابەرانی نارەزایەتیەکان کە دەست بخەینە ناو دەستی یەکەوە لەپێناو ڕزگارکردنی کۆمەڵگەی کوردستاندا، بزووتنەوەیەکی جەماوەریی شۆڕشگێڕانە بەگەڕبخەین.

★

**بزوتنەوەی نارەزایەتی خەڵکی کرێکارو بێبەشی کوردستان بەبێ ڕێکخراوبوون و کۆبونەوە لەدەوری هێڵێکی سیاسی ڕادیکاڵی سۆشیالیستی و کۆمۆنیستی بە سەرکەوتن ناگات!**

# کرێکارانی ئێران ئەرکێکی گرنگیان لەسەر شانە !

مستەفا باهیر

ماوەی زیاتر لە شەش مانگە ژنان و پیاوانی ئازادیخوازی ئێران، دژی ڕژێمی کۆنەپەرستی ئیسلامی ئەو وڵاتە هاتونەتە مەیدان. سێ بزوتنەوە بونەتە باڵادەسترین ڕەوتی نارەزایەتیەکان و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو پێشەوە دەڕۆن، ئەوانیش " بزوتنەوەی کرێکاری ، بزوتنەوەی ژنان، بزوتنەوەی دژە ئیسلام "ین. ئەم بزوتنەوانە ئێرانیان خستوەتە قۆناغێکی شۆڕشگێرانەوە. هەموو بزوتنەوەکان بەتەوژمێکی گەورەوە دەچنە پێشەوە ، بەتایبەتی بزوتنەوەی کرێکاری ،کە تایبەتمەندیەکی زۆر جیاوازی هەیە و مێژوییەکی زۆر پرشنگداری لە ئێراندا هەیە و خاوەنی تەجروبەیەکی زۆرە لە مانگرتن و خۆپیشاندان و خاوەنی کۆمەڵێک رابەری بە ئەزمونن. لەمێژووی ئێراندا کرێکاران دەورو نەخشیان هەبوە لە ڕوداوەکاندا، ئەگەر مانگرتنی کرێکاران نەبوایە بەتایبەتی کرێکارانی کۆمپانیای نەوت، ڕژێمی شای ئێران لەساڵی ١٩٧٩ وا بە زوویی نەدەڕوخا. دەتوانین بڵێین ئەوە کرێکاران بوون کە شایان هێنایە خوارەوە لە دەسەڵات.

لەئێستاشدا کرێکاران لەبەشێکی زۆری کارگەکاندا پشتیوانی خۆیانیان بۆ خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران دەربڕیوە، زۆرجاریش هەرەشەیان لە دەسەڵاتداران کردوە، کە نابێت توندوتیژی بەرامبەر بە خۆپیشاندەران بەکاربێنێت. لەبەشێک لە کارگەکاندا مانیان لەکار گرتوە. لەبەشێک لە شارەکاندا لە زۆربەی کارگەکانەوە کرێکاران خۆپیشاندانیان ئەنجام داوە بەتایبەتی لەم ڕۆژانەدا لەبەشێکی زۆری شارەکان هاتونەتە سەرشەقام و دروشم دژی دەسەڵات دەڵێنەوە. بەکورتی کرێکارانی ئێران دەرس و تەجروبەی خۆیانیان هەیە و دەزانن لەکوێداو لەکەیدا بەشداردەبن و هەنگاو بەهەنگاو چۆن دەچنە پێشەوە. بەڵام چینی کرێکار ئەرکێکی گرنگی لەسەرشانە. دەبێت بزانێت کەی خۆی بکات بە خاوەنی ئەم ڕاپەڕینە و ڕابەرایەتی ئەم ڕاپەڕینە بکات و بزانێت بەرەو کوێی دەبات. چونکە ستەمی سەرمایەداری بەهەموو شێوە جیاوازەکانیەوە لە دەسەڵاتی عەلمانی تا بە ئیسلامی دەریانخستوە و سەلماندنیان کە دەسەڵاتی ئەوان هیچکات لەبەرژەوەندی کرێکاران و خەڵکی هەژاری ئێراندا نیە. هەربۆیە کاتی ئەوە هاتووە کرێکاران بتوانن ڕابەرایەتییەک دروست بکەن کە بتوانێت بە شێوەیەکی یەکلاییکەرەوە چینی کرێکار خۆی دەسەڵات بگرێت. چونکە ئەوە تەنها کرێکارانن دەتوانن بەشێوەیەکی شۆڕشگێرانە کۆتایی بەو دەسەڵاتە بێنن و ژیانێکی ئارام بۆ خۆیان و خەڵکی زەحمەتکێشی ئێران دابین بکەن.

بۆیە گرنگە هەرئێستا کرێکاران هەنگاو هەڵنێن بۆ پێکهێنانی شورا کرێکارییەکان، چونکە ڕێکخراوی شوورایی، پێشڕەوترین شکڵی ڕێکخراوبوونی چینی کرێکارانە و دەبێتە مایەی ڕێکخراوبوونی بەشی پێشڕەوی چینی کرێکار. هەروەها هەوڵدان بۆ هاوئاهەنگی لەگەڵ بزوتنەوەکانی تردا کە بەرژەوەندیان لەگەڵ چینی کرێکاردایە. بەڵام دەبێت کرێکاران خۆیان ڕابەرایەتی ئەو ڕاپەڕینە بکەن و بەرەو شۆڕشی کرێکاریی بەرن، بەبێ ئەو شۆڕشە کرێکاران لە گۆڕینی دەموچاوەکان سودمەندنابن. دەبێت کرێکاران ئەمجارە بە بەڵێنی هیچ هێزێکی بورجوازی دەستخەڕۆ نەبن، وەک چۆن لەساڵی ١٩٧٩ خومەینی توانی بە کۆمەڵێک دروشمی وەک " بەخۆراییکردنی ئاو، کارەبا، هاتوچۆو ، مەسکەن" لەگەڵ کۆمەڵێک درۆی تردا سواری شۆڕشی خەڵکی ئێران ببێت، بەڵام بەهۆی نەبوونی ڕێکخراوی سیاسی شۆڕشگێری کرێکاران و نەبوونی ڕیزی سیاسی سەربەخۆی چینایەتی کرێکاران ئاخوندەکان دەسەڵاتیان گرتەدەست ودواتریش کەوتنە هەڵوەشانەوەی ئەو ڕێکخراوە کرێکاریانەی کە کرێکاران دروستیان کردبوو، بەشێک لە ڕابەرانیشیان دەستگیر کران.

لەئیستاشدا کۆمەڵێک مشەخۆر بەناوی ئۆپۆزسیۆنی ڕژێمی ئێران لە "جۆرج تاون" کۆبونەتەوە و دەیانەوێت خۆیان بکەن بەخاوەنی ئەم ڕاپەڕینە، بەهاوکاری دەوڵەتە سەرمایەدارەکان و بەر بەو شۆڕشە بگرن کە خەڵکی زەحمەتکێشی ئێران بۆی هاتوەتە مەیدان. ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی هەرچەندە لەئێستدا نایانەوێت هیچ ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لەلایەن خەڵکەوە لەدۆخی سیاسی و پێکهاتەی حکومەتی ئێراندا ئەنجام بدرێ، بەڵام ترسێکی گەورەیان لە هێزی چینی کرێکارو بەرەی ئازادیخوازی ئێران هەیەو دەیانەوێت هەرلەئێستاوە بەرەی دژە شۆڕش لە ئێران دروستبکەن و لەکاتی پێویستدا بەکاریان بێنن بۆئەوەی ڕێگا لە سەرکەوتنی شۆڕش بگرن.

بۆیە دەبێت کرێکاران ئەوەیان لاڕوون بێت کە تەنها خۆیان و هەژارانی ئەو کۆمەڵگایەن کە دەتوانن لەڕێگای شوراکانەوە ژیانێکی باشتر بۆ خۆیان و کۆمەڵگای ئێران بەدەست بێنن. تەنها بەپشتیوانی خۆیان و هێزە کۆمۆنیستەکان دەتوانن کۆتایی بەو ژیانە ناهەموارە بێنن کە چەندەها ساڵە لەلایەن دەسەڵاتی علمانی و ئیسلامیەوە گیرۆدەی بوون. دەبێت دروشمی"نەشا نە ڕەهبەر مەرگ بەر ستەمگەر" پەرەپێبدەن و باوەڕ بە بەڵێنی هیچ هێزێکی بورجوازی نەکەن. دژیان بوەستنەوەو خۆیان جڵەوی ڕاپەڕینەکە بگرنە دەست.

★

# راپەڕینی جەماوەری

## مەنسور حیکمەت



( تێبینی: ئەم باسەی مەنسور حیکمەت وەلامە بە رەخنەی عەبدوللەی موهتەدی لە مەنسوری حیکمەت و هەلوێستی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی ئێران سەبارەت بە راپەرینی ساڵی ١٩٩١ ی کوردستانی عێراق. عبدلله موهتەدی لە رابەرانی ناسیۆنالیستی ناو حزبی کۆمۆنیستی ئێران بوو. باسەکە لە دوو بەش پێکدێت. راپەڕین بەمانا گشتیەکەی و ڕپەڕین بەمانای تایبەتی. لەژمارەی پێشووی ئۆکتۆبەردا بەشی یەکەممان لەژێرناونیشانی (راپەڕینی جەماوەری – راپەڕین بەمانی گشتی) دا بڵاوکردەوە و ئەم بەشەی ئێستا بلاوی دەکەینەوە بەشی دووەمی وتارەکەیە لەژێرناوی (راپەڕینی جەماوەری- راپەڕین بەمانای تایبەتی)؛ وەرگێرانی؛ موحسین کەریم- مارسی ٢٠٢٣)

### راپەرین بەمانای تایبەتی

سەبارەت بە راپەرین بەمانا تایبەتەکەی، واتە کردەوەی چەکدارانەی جەماوەر بۆ تێکشکاندنی ئامێرەکانی سەپاندنی دەسەلاتی رژێمی دەسەلاتداریش دوچاری سەمای سۆفیانە( سماع عارفانە) نابم. راپەرین بەم مانا تایبەتەی و ئەو چوارچێوەیەی کە بەخۆیەوە گرتوە تاکتیکی ئەم قۆناغەی بزوتنەوەی چینایەتی من نەبوو، بەڵکو هەنگاوێکی جێمەبەستی بزوتنەوەی میللی لە کوردستان بوو. من بڕوام وایە کە بزوتنەوەی کرێکاری و پێشرەو لە کوردستانی عێراق بەبێ چەکداربوون، بەبێ راپەرین بەجێگایەک ناگات. بەلام دەکرێ راپەرین پێشوەختە بێت و یان بوعدەکانی لەسنوری جێمەبەستی ئەم بزوتنەوەیە زیاتر بڕوات. لەم حاڵەتە دیاریکراوەدا، کە بەقسەی خودی هاوڕێ موهتەدی " شوراکان لەدڵی راپەرینەوە سەریان دەرهێنا" و نەک بەپێویست " راپەرین لە دڵی شوراکانەوە"، بەتایبەت پێموایە راپەرینی گشتی، لەژێرکاریگەری ئاسۆی بزوتنەوەی میللیدا کە ئیمکانی سەرکەوتن و دەسەلاتی حکومەتی کوردستانی لە گیرفانی خۆیدا دەبینی، زیاتر لەوەی کە بتوانێ پەیوەندیەکی بە ئیرادە و تەشخیسی بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی چینی کرێکارەوە هەبێت، بارودۆخێک بوو کە کرێکاری کورد لە عێراقدا بەکردەوە خۆی تێدا بینییەوە تێیکەوت. لەوەلام بە "پردی سیراتەکەی" هاوڕێ موهتەدی سەبارەت بە پشتیوانیکردن یان نەکردن لە "راپەرین" بەم مانا تایبەتەشی" بەخستنەرووی سەرخەتی هەلوێستی خۆم ئیکتفا دەکەم؛

١/ راپەرین، باش یان خراپ، ئەلقەیەک نەبوو لە جموجوڵەکانی بزوتنەوەی کرێکاری کورد، بەڵکو بەشێک بوو لە ستراتیژی بزوتنەوەی میللی و حزبەکانی و هەر ئەو جموجولانە بوون کە دەوترا سەرەتا لەلایەن ئەمریکاوە هان دراو دواتریش پشتی تێکردن. بە مانایەکی دیکە، سەربەخۆ لەپێکهاتەی ئەوانەی راپەرینیان کردو ئەوانەی یەکەم فیشەکەکانیان تەقاند، راپەرین تاکتیکی بزوتنەوەی میللی بوو کە بووبووە ئاسۆی گشتی و دەبێت لەهەمان چوارچێوەدا هەڵسەنگاندنی بۆبکرێت. ئەگەر راپەرین راست بوو ئەوا تاکتیکی بزوتنەوەی میللی راست بوو، ئەگەریش هەڵە بوو ئەوا تاکتیکی بزوتنەوەی میلیی هەڵەبوو.

٢/ سەرکەوتنی راپەرین لەسەرەتاوە، بەڵگەی ئەوە نەبوو کە لە ئاکامی دروستبوونی بزوتنەوەیەکی سیاسیەوە توانای واقعی راپەرینێکی جەماوەری فەراهەم بووبوو. لەهەرکەس بپرسیت، دەڵێت، وخودی هاوڕێ موهتەدیش بەکردەوە بە باسی" شکستی دەرەکی- راپەرینی ناوخۆیی" هەمان شت دەڵێتەوە، کە باسەکە دەربارەی سوود وەرگرتن لە فرسەتێک بووە کە ئاکامی هەوڵەکانی هێزە بالادەستەکان بووە. ئەمە هەر لەسەرەتاوە ئەوە نیشان دەدات کە گەرانەوە بۆ ئەم راپەرینە بەتەنها وەکو هەڵسانی جەماوەر، چەند فاکتەری گرنگ کەمرەنگ دەکاتەوە. ڕوویەکی ئەم دیاردەیە پڕکردنەوەی بۆشایی دەسەلاتی حکومەتی ناوەندی بوو لەلایەن خەڵک و هێزە چەکدارەکانەوە، نەک سەرکەوتنێکی یەکلاکەرەوە لە مەیدانی سەربازیدا. دەزانم کە " ئەمن" و "ئیستخبارات" بەتوندی لەبەرامبەر خەڵکدا بەرگرییان کرد. بەلام پێموانیە کە لە هەڵسەنگاندنی لەپێشداو "کلاسیک"انەی هیچ کەسێکدا بۆ راپەرینی کوردستانی عێراق، ئەوە بە خەیاڵدا هاتبێت کە سوپای عێراق بێدەنگ دادەنیشێت. هەربەوەندەی کە ئەم سوپایە دەخالەت دەکات و هەلیکۆپتەرەکانی دەبینرێ، راپەرین، بەپێچەوانەی ئەو چاوەروانیەی کە لەراپەرینێکی جەماوەری دەکرێ، لەگەڵ بەرگریەکی زۆر بچووکدا ( بەبەراورد بە خێرایی و گەورەیی پێشرەویەکانی) دەپوکێتەوە نامێنێ. واقعیەت بەمجۆرە ئەوە نیشان دەدات کە لێکدانەوەی بۆرژوازی کورد پشتبەستوو بە سوودوەرگرتن

لەفرسەت لەپێناو زۆرترین و هەمەلایەنەترین باڵادەستی سەربازیدا هەڵەبووە. لەبەرئەوەی کە هەرچەندە لاوازیی حکومەتی ناوەندی و شەلەلبوونی هێزەکانی فرسەتی مادی بۆ پێشرەوی سیاسی و تارادەیەک سەربازی پێکهێنابوو، کە دەبوایە سوودی لێوەربگیرایە، بەڵام ڕاپەڕین و پێشرەویکردن بەم ئاراستەیەدا بە ڕەچاوکردنی ئاگربەستی ئەمریکاو عێراق و ئایندەی مانەوەی ڕژێمی عێراق، بۆ کەسێک کە توانای پاراستنی هەنگاوەکانی خۆی بەشێوەیەکی بابەتی نیە، بەتەواوی هەڵەبوو. شایی و لۆغانی پۆپۆلیستە دڵسۆزەکان بۆ حاڵی خەڵک بۆئەم پێشرەویە لەوەش هەڵەتربوو. بەیەک وشە فکرەی ڕاپەڕینی جەماوەری بە دەربڕینە "کلاسیک"ەکەی و ئەنجامیگری کلاسیکترەکەی، بەتایبەت ئەگەر ئینسان دوای تەواوبوونی مەراسیمی پیرۆزکردنی جەماوەر هێشتا بەدوای ڕۆڵی پێشڕەوەوە بێت لە داهاتوودا، دەبێ بەجدی تەعدیل بکرێت.

٣/ سەبارەت بە خودی ئەوانەی ڕاپەڕینیان ئەنجام داو پێگەی کۆمەڵایەتی و چینایەتییان، تەسویرێکی کەموکورت و سەرلێتێکدەرانە لە بۆچوونەکانی لایەنگرانی ئەمڕۆی ناسیۆنالیزمی کورد لە حزبی کۆمۆنیستی ئێراندا لەوانە هاوڕێ موهتەدی دەدرێت بەدەستەوە. گوایە هەمیشە پێشرەویەکان و هەنگاوەکان کاری کرێکارو زەحمەتکێشی کورد لەهەمان قامەتی کۆمەڵایەتی و چینایەتییاندا، و لەوەش خراپتر کاری شوراکانی دواتر بووە. ئەوە ڕۆشنە کە کرێکارو هەڵسوڕاوی شورایی "لەماوەی ڕاپەڕین"دا لە پەلامارێکی چەکدارانەدا بۆسەر ناوەندەکانی دەسەڵاتی سیاسی و بیرۆکراسی ئیداری ڕژێمی عێراق بەشدارییان کرد، بگرە لەریزی پێشەوەدا بوون. بەڵام هیچ ئینسانێک کە ڕێز بۆ عەقڵی خۆی دابنێت نایەوێ لە لێکدانەوەی خۆیدا بۆ ڕوداوە چەکداریەکانی کوردستانی عێراق، ڕێکخراوە چەکدارەکانی ئۆپۆزیسۆنی میللی و ئەو هەموو چەکدارەی خودی ڕژێم لە کوردستان("جاشەکان"ی پێشوو کە بەرواڵەت لەلایەن ڕاپەرینەوە پاککردنەوە(غسل تعمید)ی شۆڕشگێڕانەیان بۆکرا و ئیتر بەعەشایەرناوبردنی ئەوانە، هاوڕێ موهتەدی نارەحەت دەکات) نەبینێت. هیچ ئینسانێکی جدی پەیدانابێت کە پێشرەویی ڕاپەڕین تەنها لە توانای ئاگری چەکی ئەو هێزانەدا کورت بکاتەوە کە لەبەردەم بارەگای ڕژێم لە سلێمانیدا کۆبوونەتەوە و هەموو هاوسەنگی سەربازی تازە، کە ئاکامی سەرلێشێواوی هێزەکانی ڕژێم لەلایەک و بەسیجبوونی دەیانهەزار پێشمەرگەی کۆن و یان ئەو چەکدارانە بوو لەلایەکی دیکەوە، کە تازە سەنگەریان گواستبووەوە دژ بە هێزەکانی دەوڵەت، فەرامۆش بکات. ئەگەر تەسویری ڕاپەڕینی تەنها کرێکاری و لە بنەڕەتدا شورایی هاوڕێ موهتەدی قبوڵ بکەین ئەوکاتە دەبێ وەکو ئەوان تووشی شۆک بین کە بۆچی ئەم بزوتنەوە چەکداریە کرێکاریە بە خێراوەشاندنێکی سوپای عێراق تووشی شکست بوو؟

.....

لە "ڕاپەڕینی جەماوەری"دا تەنها کرێکاران و زەحمەتکێشان نین کە بەشداری دەکەن، هەموان، هەر لە خوێندکارانەوە تا کوڕی حاجی مارسیدس سواری ئەندامی ئەنجومەنی دژی بەهایی و ساواکی پێشوو، بەشداری دەکەن. ڕاپەڕینی کرێکاری و بەلشەفیکی شتێکی دیکەیە. لێرەدا ئیتر پێویستە ڕاپەڕین لە دڵی شورا و بزوتنەوەی کرێکاریەوە سەرهەڵبدات و نە بەپێچەوانەوە. لێرەدا ئیتر سوپا بێلایەن و بێکاریگەر ناکرێت، ئیتر ئۆرگانەکانی بەرهەمی ڕاپەڕین، تەمەنیان هەرچەندە بێت، لە چینی ڕاپەڕیو پێکدێت و پێویست ناکات بۆ هیچ بەرەیەکی چەکداری بۆرژوازی کڵاوی سەریان دابکەنن. ڕاپەڕینی جەماوەری بەدڵنیاییەوە بایەخی خۆی هەیە. بەڵام کرێکاری بەشداربوو لە ڕاپەڕیندا لە شەوق و زەوقی کەسانێک کە بەشێوەی گشتی ڕاپەڕین پیرۆز دەکەن و ئەو ناکۆکیە سیاسی و سەربازیانەی کە لە خەسڵەتی سەرووچینایەتی و "خەڵکی" ڕاپەرینەوە سەرچاوە دەگرێ، یا نابینێ و یاخود سەرپۆشی بەسەردا دەدات، زەرەرمەند دەبێت. ڕاپەڕین وهەڵسانی چەکدارانە لە کوردستانی عێراق کاری تەیفێک لە هێزە کۆمەڵایەتی و چینایەتیەکان بە بەرژەوەندی جیاوازو ناکۆکەوە بوو. ئەمە لە نوسراوەی پێشوومدا، کە گوایە ئەوەندە سەبارەت بە ڕاپەڕینی جەماوەری بێدەنگ بووە کە ئایەتی "کەواتە بۆچی ئاوارەبوون" لەبەرامبەریدا هاتوتە خوارەوە، بەهەمانشێوە ئاماژەی پێکراوە.

لەدوای ئەم پێشەکیەوە ئیتر روونە کە وەڵامی من بە پرسیاری پشتیوانیکردن یان نەکردن لە ڕاپەڕینی چەکدارانەی کوردستانی عێراق بەڵێ یان نەخێرێکی سادە نیە. من خوێندنەوەی چەکدارانەی کرێکاری کورد لەم دەورەیەدا لە بوعدێکی دیاریکراودا بەدروست و بەجێ دەزانم، بەڵام پشتیوانی لە ڕاپەڕینی هەموان لەو بوعدەدا کە بەخۆوە گرتبووی و لە بزوتنەوەی دەستبەسەراگرتنی شارەکان و ناوچە نەوتیەکان ناکەم. بەبڕوای من هەڵسانێک بەو بوعدانەیەوە بەهۆکاری باڵادەستیی بزوتنەوەی پێشمەرگانەی ئۆزیسیۆنی میللی و لەسەر بنەمای ئاسۆی بەدەستهێنانی دەسەڵات بەهەوای ئەمریکا بەشێوەیەکی خێرا، بەسەر کرێکار و زەحمەتکیشی کورد دا سەپێنرا. بەبڕوای من بزوتنەوەی کرێکاری دەیتوانی چەکدار بێت، لەڕێگای دەرگیری سنوردارو لۆکاڵی و لە بنەڕەتدا بە دروستکردنی ریزێکی چەکدار و ڕێکخراوی کرێکاری بوونی فەزای ئازادیی سیاسی و توانای کاردنەوەی کرێکاری چ بەرامبەر بە ڕژێمی عێراق و چ بەرامبەر ئۆپۆزیسیۆنی میللی، کە درەنگ یان

➡ زوو لە سەر شاخەکانەوەو لە تاران و واشنتۆنەوە دەگەڕێنەوە، بۆ دەورەیەکی درێژماوەتر مسۆگەر بکات.

بەبڕوای من بزوتنەوەیەکی چەکداری هێرشبەرانە کە ئارەزوی دەستبەسەراگرتنی ناوچەکان و ئازادکردنی کوردستانی هەیە، ناتوانێ خۆی لەوە لابدات کە یەکەم؛ خۆی نەبەستێتەوە بە سیاسەتی دەخالەتگەرانەی ئەمریکاوە و بەوەوە نەناسرێتەوە، دووەم، لەژێر باڵادەستیی سیاسی و سەربازی ئۆپۆزیسیۆنی میللیدا لەنگەر نەگرێت، و سێهەم ، نەکێشرێتە شەڕێکی مان و نەمانی پێشوەخت لەگەڵ سوپای دەوڵەتی عێراقدا کە بۆ پاراستنی بوونی خۆی بەناچاری پەلامار دەدات. ئەمە ئەو شتەبوو کە ڕوویدا.

بەبڕوای من ئاستی گەشەی بزوتنەوەی کرێکاری و سۆشیالیستی لە کوردستانی عێراق(لەوەش گرنگتر لە هەموو عێراق)، لەڕووی سیاسی و ڕادەی ڕێکخراوبوونەوە، هێشتا نەگەیشتبووە ئەو ئاستەی کە ئەم بزوتنەوەیە بتوانێ شەیپوری ڕاپەڕینی چەکدارانەی کۆتایی لێبدات. ئەرکی بنەڕەتی بەهێزکردنی ئەم بوعدانەی بزوتنەوەی چینایەتی کرێکاران بوو لە ڕەوتی لاوازبوونی دەوڵەتی ناوەندی و لەژێرسایەی توانای بەرگری چەکدارانەی بزوتنەوەی کرێکاریدا لەخۆی. بەدیهێنانی دەسەڵاتی دوولایەنە بەرامبەر بە ڕژێم و ئۆپۆزیسیۆن و بێکاریگەرکردن و بێزیان ڕاگرتنی هێزەکانی دەوڵەتی ناوەندی و بۆرژوازی خۆیی بۆ دەورەیەکی هەرچی درێژماوەتر، کە بتوانێ لەوماوەیەدا ئۆرگانەکانی کاری ڕاستەوخۆ و باڵادەستیی جەماوەری گەشە بکات و جێگیربکرێ، ئەمە بە بڕوای من دەبوایە ناوەرۆکی سیاسەتی سەربازی بزوتنەوەی کرێکاری لەم دەورەیەدا بێت.

ئەم وەرگێڕانە (بێجگە لەچەند بەشێکی کەم نەبێ کە بەپێویستم نەزانی) زۆربەی نوسینەکەی هاورێ مەنسور حیکمەت دەگرێتەخۆی کە لەژێرناوی ( ڕاپەڕینی جەماوەری) نوسیویەتی..
لە کتێبی" قەیرانی کەنداو و روداوەکانی کوردستانی عێراق" بەڵگەنامەی قسەوباس و جیاوازیەکانی ناوخۆی باڵەکانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران.. دێسەمبەری ١٩٩٣ چاپکراوە..

☆

**ڕەوتە بۆرژوازییە ناڕازی و ئۆپۆزیسیۆنەکان لە هەوڵی ئەوەدان خواستی جەماوەر بۆ ئاڵوگۆڕ، لە ناو ئاسۆی تەنگی ئاڵوگۆڕێکی ڕواڵەتیدا قەتیس بکەن. بۆ ئەم چەواشەکارییە بانگەوازی خەڵک دەکەن کە ڕوو بکەنە سندوقەکانی هەڵبژاردن. بەڵام خەڵکی کوردستان لەگەڵ ئەم ڕێگایە ئەزمونیان هەیە. ئەو ئەزمونە نیشانیداوە کە نەسەرخستنی هیچ حزبێک بۆسەر کورسی پەرلەمان و دەسەلات و نە گۆڕینی دەموچاوەکانیش هیچ لە ڕەوشی ژیان و بێدەرەتانی خەڵک ناگۆڕێت، ئەمە ڕێگایەک نییە بۆ دەستەبەرکردنی ئامانج و داخوازییەکانی جەماوەری خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش. ئەم کۆمەڵگەیە پێویستی بە ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێڕانەیە کە دەسەڵاتی میلیشیایی ئێستا لە ڕیشەوە هەڵپێچێ و سیستەمێکی دیکەی دەسەڵاتداریتی پشت بەستو بە ئیرادەی ڕاستەوخۆی خەڵک لە جێگای دامەزرێنێ. بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری، ئەگەر لەدەوری ئاسۆیەکی ڕون بۆ هەڵپێچانی ئەم دەسەڵاتە و بەرپاکردنی بەدیلێکی شۆڕشگێڕانە تەوەرە ببەستێ، هەوێنی ئەم ئاڵوگۆڕە شۆڕشگێڕانەیەیە.**
بەشێك لە بەڵگەنامەی": کۆنگرەی سەراسەری نوێنەری شوراکانی خەڵک، بەدیلی دەسەڵاتی میلیشیایی ئیستایە!"
پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەمی حزب کانونی یەکەمی ٢٠٢١


## ئۆکتۆبەر

**ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
سەرنوسەر : موحسن کەریم
ڤایبەر: 07700475533
مۆبایل:0044(0)7394013135
oct.1917@yahoo.com
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک:
October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر
**ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**



سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**
00964(0)7701521043
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk

ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com